# یاساکانی کەوتن و کلۆرکردنی فۆنیمی /د/ لە زمانی کوردیدا

د. عادل ڕشید قادر                    پ.ی.د . بیستون حسن احمد

زانکۆی سلێمانی

سکولی پەروەردەی بنەڕەت

پێشەکی

زمان لە پێڕەوێکی گەورەو تێکچڕژاو پێکهاتووە کە لە مێشکی مرۆڤدا کاردەکات، هەموو زمانەکانی جیهان خاوەنی هەموو ئەو کەرەسە دەنگسازی و ڕێزمانیەکانی وەکو ( ناو، ئاوەڵناو، جێناو ... هتد)ن، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەو ڕاستیە، کە زمانی مرۆڤ هەموویان بە پێی هەمان پێڕەوهەڵدەسوڕێن، ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوانیاندا دەبینرێت تەنها لە ڕووکەشدا واتە لە ڕۆنانی سەرەوە ( surface strectur) دایە، هەر لەوڕۆنانەی سەرەوەشدا دیاردەو جیاوازییەکان بەدیدەکرێن.

هەر زمانێک کۆمەڵێک یاسا پەیڕەودەکات لە هەر ئاستێک لە ئاستەکانی( دەنگسازیي. وشەسازیی، سینتاکس) لە ڕیزبوونی یەکەکانی بۆ گەیاندنی واتا.

( فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیي) وەکو دوو پێکهاتەی ئاستی دەنگسازی بە یەکەوە کاردەکەن، بە واتایەکی تر فۆنەتیک ڕێگە خۆشکەرە بۆ لێکۆڵینەوە لە فۆنۆلۆژیی هەر زمانێک و خستنەڕووی ئەو دیاردەو گۆڕانەدەنگیانەی کە بە سەرفۆنیمەکاندا دادێت لە ناو پێکهاتەی مۆرفیم و وشەو فرێز و ڕستەدا.

ئەم لێکۆڵینەوەیە ( یاساکانی کەوتن و کلۆرکردنی فۆنیمی /د/ لە زمانی کوردیدا ) دەخاتە ڕوو و شیکردنەوەیان بۆ دەکات، بە واتای ئەوەی ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێنراوە لە خستنە ڕووی ئەو گۆڕانە دەنگیانەی دێنە ئاراوە.

هەروەک ئاماژەی بۆکرا ئاستەکان لە ناو پێرەوی زماندا دابڕوا نین لە یەکتر، هەرچەندە جیاوازیش بن، بۆیە جگە لە ئاستی فۆنۆلۆژیی زمانەکە نموونەکان پەڕیونەتەوە ئاستەکانی ( مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس) ی زمانەکە.

گرینگی ئەم لێکۆلینەوەیە، جگە لەوەی هەوڵێکە دەخرێتە سەر هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەم بارەیەوە ئەنجام دراون. هەموو لایەنێکی زمان دەبێت شیبکرییتەوەو پەسەنبکرێت، ئەم لایەنەش پێویستی بە شیکردنەوەو پەسەنکردنە.

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی بە سەر دوو بەشدا دابەشکراوە کە بریتین لە :

بەشی یەکەم : لەم بەشەدا ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە لەسەر ئەو فۆنیمە کراون تیشکیان خراوەتە سەر و بە پێی پێویست ڕای لێکۆلەرەوان، ئەگەر پێویستی کردبێت لەو بارەیەوە دەربڕاوە.

بەشی دووەم : ئەم بەشە بۆ یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی و هەموو ئەو گۆڕان و دیاردە دەنگیانەی کە بە سەر فۆنیمەکانی زمانی کوردی لە گۆکردن و دەربڕینانداو لە ناو قالبی برگەو وشەکاندا بە شێوەیەکی گشتی و بەسەر فۆنیمی /د/ دا بە تایبەتیدا دێن، تەرخان کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا

هەموو ئەو پرۆسە مۆرفۆلۆژیانەش دەخرێینەڕوو کە پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان تیایاندا ڕوودەدەن، چونکە پرۆسە فۆنۆلۆژییەکان لەناو پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکاندا ڕوودەدەن.
لە کۆتایی لێکۆلینەوەکەدا ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆلینەوەکە بە هەر دوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو .

## بەشی یەکەم

### کەوتن و کلۆرکردنی فۆنیمی /د/ لە لێکۆڵینەوەی لێکۆڵەرەواندا

ئاخاوتن کە بەهۆی کۆمەڵە دەنگێکەوە وەکو شریت وشە و دربڕاو ورِستە دەنوێنن و مەبەستی قسەکەر دەگوازنەوە بۆ گوێی گوێگر، لە دەربڕینەکان هەندێک گۆڕانی دەنگی بە سەر فۆنیمەکانی زمانەکەدا دێت ئەوانیش جواراو جۆرن ، هەندێکان لەدەرەوەی دەسەڵاتی قسەکەرەکەدان وەک بۆ نموونە ( بەشدار > بەژدار )و(شەش جار> شەژجار) گۆڕینی (خشۆکی ش > بۆ خشۆکی > ژ) لە دەرەوەی دەسەڵاتی قسەکەردایە کەوتۆتە ژێر کاریگەری دەنگە دەنگدارەکەی دوای خۆیەوە،( دیاردەیەکی ئاسایی وبڵاوە و لە هەموو زمانێکی سروشتیدا هەروەک چۆن زۆرجار نیشانە لە شتێک دەگرینەوە و شتێکی تر دەپێکین(محمد معروف فتاح ۲۰۱۱ : ٦٥ ).

(نوری عەلی ئەمین،۱۹٦۰ :٤۲)سەبارەت بە لەناوچوونی فۆنیمی /د/ لە ئاخاوتن و نووسیندا پێیوایە "لە هەندێ وشەدا ، وەک بایەخ نادرێ بە پیتی(ب،ت) وەهاش بایەخ نادرێت بە پیتی (د) لە بێژان و نووسیندا ، وەک پیتی (د) لە وشەی (تەورداس ) دا فڕێ دەدرێت و دەنووسرێت و دەبێژرێت ( تەوراس ) بەلای منەوە لە نووسیندا بنووسرێت هیچ وەیێک بە بنچینەکەی ناگەیەنێ".
لێکۆلینەوە لە دیاردە وگۆڕانی دەنگی لە زمانی کوردیدا پەنجا ساڵ بەر لە ئێستادا بەردێکی خستۆتە سەربناغەی لێکۆلینەوە لە سەر زمان بە گشتی و دەنگسازی بە تایبەتی، بەڵام بەڕای لیێکۆلەران دەنگی بێ بایەخ و بایەخدار لە زماندا ناتوانرێت وا بە ئاسانی لێک جودا بکرێنەوە ئەگەر هەبن، چونکە کەوتن یا گۆڕان و توانەوەی دەنگێک لەو ژینگەی تیادا دەردەکەوێت لە بەهای ئەو فۆنیمە کەم ناکاتەوە، بۆ نموونە ئەگەر چی فۆنیمێکی وەکو /ب، ت / و /د/ لە زۆر شوێنی تردا نەک هەر لەناوناچن بگرە کاریگەر دەکەنە سەر دەنگی تریشەوەو گۆڕان بەسەر دەنگەکانی پێش خۆیاندا دەهێنن ، (بڕوانە (۱)).
۱) سەرت داگرە > سەردداگرە ،( ت > د ).
( تۆفیق وەهبی: ۱۹۷۳: ۲۱) سەبارەت  بە گۆڕینی فۆنیمی /د / بۆ (ئـ) لە شێوە زاری سلێمانیدا باسێکی زۆر وردی مێژوویی ئەم فۆنیمەی کردووە و بەڵگەی زۆری بۆ پەسند کردنی ئەو ڕایەی خۆی هێناوەتەوە لەوەی کە لە بنەڕاتدا ( د) بووەو گۆڕدراوە بۆ (ئـ)، نموونەی تریشی هێناوەتەوە لە سەر گۆڕان و کلۆر کردنییان،بێ ئەوەی ئاماژە بە هۆکاری ئەو گۆڕانە بکات، (بڕوانە (۲)).
۲)دەست دەگرم > دەسد دەگرم  یان لە گەڵت دێم > لە گەڵد دێم
بڕوانە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ۱۹۷٦: ٥٤) لە بەرهەمێیکیدا دەڵێت : (ئەگەر دوو دەنگی کۆنسۆنانتی وێکچوو یاخود لێک نزیک، بکەونە پاڵ یەک، ئەوە لە دەربڕیندا یەکێکیان ون دەبێ، (بڕوانە (۳)).
۳)بڵند + تر > بڵنتر

نووسەر لە پەراوێزی کتێبەکەیدا ڕای وایە کە لە نووسیندا ئەو پەڕاندن و وون بوون و تێکەڵاوبوونە نەبێت). هەرچەندە لییکۆلەران لەو ڕایەدان ئەو جۆرە گۆڕانی دەنگانە کە بە سەر فۆنیمەکانی زمانی کوردی دا دێن ئەوە دەچنە بواری فۆنۆلۆژییەوە نەک فۆنەتیک.

فۆنیمی /د/ یەکێکە لە فۆنیمە نەبزوێنە گرەکانی زمانی کوردی، هەندێ جاریش لە ڕەوتی ئاخاوتندا و بە تایبەتی لە کۆتایی وشەکاندا بەرەو کپی دەچێ ودەبێت بە [ت] یا [د] یکی کلۆر(( هەندێ کۆنسۆنانتی گڕ لە هەندێ شوێنی تایبەتیدا ئەبن بە کپ ئەدرکێنرێ چونکە بەرەڵا ناکرێ )) (غازی فاتیح وەیس ١٩٨٤ : ٥١ ).

(نسرین فخری،٢٠٠٠: ٣٨) لە لیکۆڵینەوەکی سەبارەت بە فۆنیمی /د/ بە شێوەیەکی درێژ گەلێک نموونەی لە هەردوو لایەنی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس هێناوەتەوە و ئەو گۆڕان و دیاردە دەنگیانەی خستۆتە ڕوو، کە بەسەر ئەو دەنگە دادێت "گۆڕانی دەنگ، واتە ئەو گۆڕانەی بە سەر دەنگ دادێت – لەسەرە خۆ- هەنگاو هەنگاو دەڕوات، بۆیە جیاوازی دەنگەکان، لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی تر هەیە و، تەنیاش ئەوانەی زۆرتر شارەزان و لە قووڵی تێبینی ئەم کارانە هەستی پێ دەکەن".بەڵام جێی سەرەنجە لە زۆر شوێندا نموونەکان لە نێوان مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس لە لایەک و فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی لەلایەکی ترەوە تێکەڵ بە یەکتری کردووە.

( محمد معروف فتاح – سەباح ڕەشید قادر، (٢٠٠٦: ٢٦) لە پەیوەندی نێوان مۆرفیم و مۆرف و فۆنیمدا هەندێک دیاردەیان خستۆتەڕووکە دەکرێت هەڵوەستەی لە سەربکرێت ( دەتوانین بڵێین کە بیرۆکەی بەردەوام لە ڕستەی ( ناڕۆم) هەیە بە هۆی ( مۆرف)ی سفرەوە دەنوێنرێ(بڕوانە (٤)) .

٤)أ/ من دەڕۆم بۆ زانکۆ.

ب/ من ناڕۆم بۆ زانکۆ.

لێرەدا یاسای ڕێزمانی زمانەکە هەندێک دیاردەی گۆڕانی دەنگی دەهێنێتە ئاراوە، کە قسەرکەردەسەڵاتی بە سەردا ناشکێت( لە بەشی دووەمدا بە وردی ڕوونی دەکەینەوە).

( محەمەدی مەحویی، ٢٠٠٨: ١٥٩) سەبارەت بە فۆنیمی /د/ لە زمانی کوردیدا دەڵێت "دەنگدارێکی نا_ هەناساویی _ بووی پووکی تەقاوەیە، لە جێکەوتەی سەرەتایی و جێکەوتەی دوای کۆنسۆنانتدا وەک دەنگداری نا _ هەناساویی کپی دەمێنێتەوە" (بڕوانە (٥)).

٥)< دەست >، < دایک >...هتد

بەڵام حاڵەتی دەرنەبڕینیشی هەیە < بەغداد >< بەغدا ~ بەغا >، نووسەر زۆر نموونەی هێناوەتەوە لەسەر دیاردەی توانەوە و کەوتن و کڵۆر کردن ئەم فۆنیمە لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانیدا .

لەسەر ئەم ئاستە مۆرفۆلۆژییە، کۆنسۆنانتە خشۆکەکانی هاوسێی ئەو کۆنسۆنانتە گیراوە دەنگدارانەن، بە خەسڵەتی دەنگدارییەوە دەردەبڕرێن، ئەم یاسایە لە" یاسای توانەوەی هاوسێیەتی" دەچێت. [دەست] درێژ، بەڵام [دەز] درێژ، ( محەمەدی مەحوی : ١٩، ٢٠٠٠).

( وریا عومەر ئەمین،٢٠٠٤ : ١٨) سەبارەت بەم فۆنیمە دەڵێت : "یێکی لەو گۆرینانەی لە لێقڵی فۆنۆلۆجیدا بەسەر زمانی کوردی (خواروو)هاتبێ توانەوەی دەنگی (د)ی نیشانەی هەمیشەیی. ئەم دەنگە تواوەتەوەو نەبۆتە دەنگێکی تر" (بڕوانە (٦)).

٦)

Daxom = axom

Damxward = amxward

لێکۆلەران لەم لێکۆڵینەوەیەیدا زیاتر تیشکی خستۆتە سەر ڕێنووسی کوردی وزۆر ڕای جوانی لەو بارەیەوە دەربڕیوە.

یاساکانی دەنگە گۆرکێ "ئەمەش شوێنگرتنەوەی فۆنیمێک یا زیاترە بە فۆنیمێکی تر یان چەند فۆنیمێک لە سنوری وشەیەکدا، بێ ئەوەی کاربکاتە سەر واتای وشەکە" (بڕوانە (٧)) (هەژار قادر ئیسماعیل: ٢٠١٣:٢١١).

٧) دەچم > تەچم ( د>ت)

ئەم فۆنیمە لە ئاستی فۆنۆلۆجی دیالێکتی ناوەڕاستدا دەتوانێ ببێتە ناوبر لە نێوان دوو نەبزوێنی هاوشێوەدا یان لە یەکچودا، بۆ نموونە لەو ڕەگی کارانەی کۆتاییان بە فۆنیمی /ڕ/ یان /ر/ دێ و دەکرێن بە بکەر نادیار لە شێوەزاری سۆرانی دیالێکتی ناوەڕاستدا، فۆنیمی /د/ دەبێتە ناوبڕی نێوان /ڕ/ یا/ر/ ی کۆتایی ڕەگی کارەکان و مۆرفۆفۆنیمی /ر/ ی بکەر نادیار (بڕوانە (٨)).

٨) کڕدرا ، دەکڕدرێ ، بڕدرا ، دەبڕدرێ

هەروەها لە گەڵ پاشگری (اندن)ی تێپەڕاندنیشدا هەمان ڕۆڵی ناوبڕی دەگێڕێ لەنێوان دوو فۆنیمی (ن)ی چاوگ ، لە ئەنجامی بە دوای یەکداهاتنی دوو دەنگی [ن] لە ڕوی دەنگسازییەوە کارێکی زۆر ئاسان نییە، لەبەر ئەوە لە هەندێ ناوچەدا ( شێوەزاری سۆرانی کوردیی ناوەڕاست)، دەنگی [د] ئەبێتە ناوبڕ و کاری گۆکردن ئاسان ئەکا.(عبدالله حسێن ڕەسول: ٢٠١٥ ، ٢٩٥-٢٩٦).

## بەشی دووەم

### یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی و گۆڕان ودیاردە دەنگییەکان

گۆڕان و دیاردە دەنگییەکان کە بەسەر فۆنیمەکان دادێت، لە ئەنجامی ڕیزبوون و بەیەکەوە هاتنیانە لە ناو قالبی بڕگە و لێکدانیانە لە ناو وشەو فرێز و ڕستەدا. هەر زمانێک یان زارو شێوە زارێک کۆمەڵێک لەو دەنگانەی کە لە گەنجینەی مێشکی قسەپێکەرانیدا هەڵیگرتون وەکو فۆنیم بەکاریان دەهێنێت و بە پێی یاسای فۆنۆلۆژیی تایبەت بە زمانەکەی یان زارەکەی خۆی دەریان دەبڕێت.

(ئەو قالبە فۆنۆلۆژیانەی بڕگەی کوردی تیایدا دادەڕێژرێ بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

(C) (C) {V} (C) (C)

CCVCC

CCVC

CCV

CVC

CV

V

VC

VCC

cvcc

v=vowel

c= consonant

"واتا له بڕگەیەکدا ئەبێ ڤاوڵێک هەبێ و ئەشێ له یەکەوە تا چوار کۆنسۆنانتی لە گەڵا دەرکەوێ بە هەموو جۆر بە مەرجێ لە دوو زیاتر نەکەونە لایێ" ( وریا عومەر ئەمین ،( ٢٠٠٤:١٦)).

بڕگە ئەو کۆمەڵە دەنگەیە کە فۆنۆتاکتیکی زمانەکە سنوری بۆ دیاری دەکات، لێرەدا مەبەست لە فۆنۆتاکتیک ئەو یاسایانەن کە ڕیزبوونی دەنگەکان لە ناو چوارچێوەی بڕگەیەکدا یان وشەیەکدا دیاری دەکەن (محمد معروف فتاح،( ٢٠١١: ٧٩)).

cv> شا، دۆ

cvc> سەر ، چاو

ccv> چیا ، خوا

ccvc> چوار ، شوان

cvcc> هەور ، بەرد

ccvcc> خوارد ، دروست

هێشوو یا چەپکە کۆنسۆنانت(cluster): بریتیە لە بە یەکەوە هاتنی دوو کۆنسۆنانت ( یا زیاتر)لە بڕگەیەکدا بێ ئەوەی ڤاوڵ لە نێوانیاندا دەرکەوێ لە پێش یا لە دوای ڤاوڵەوە .

سەبارەت بەوەی ئایا لە زمانی کوردیدا لە جۆری قالبەکانی (vcc. vc . v) مان هەیە و پەیڕەو دەکرێت یا خود نەخێر ؟ دان پیانان بە بوونی هەمزە(ئـ) یا نەخێر ئەو کیشەیە یەکلا دەکاتەوە. بە ڕای ئێمە هەمزە(ئـ) مەرجێک لە مەرجەکانی بڕگە جێ بەجێ دەکات ئەویش ئەوەیە کە نابێت سەرەتای بڕگە چۆڵ بێت بە واتا نابێت بە ڤاوڵ دەست پێ بکات، (یڕوانە (٩)).

٩- ماست ( cvcc) + ئاو(cvc)> ماس (cvc)+تاو(cvc)

لە نموونەی (٩) دا وشەی ( ئاو) لە دوای کەوتنی (ئـ) فۆنیمی/ت/ شوێنی پڕ کردۆتەوە بۆ ئەوەی ئەو مەرجە جێ بە جێ ببێ.

مەرجەکانی دروستبوونی بڕگە لە زمانی کوردیدا بریتین لە:

یەکەم/ ڤاوڵ ناوکی بڕگە پێکدەهێنێ، وبرگە بەبێ ڤاوڵ دروست نابێت.

دووەم/ لە وشەیەکدا چەند ڤاوڵ هەبێ ئەوەندە بڕگەیە هەیە، یاخود بە واتایەکی تر چەند بڕگە لە وشەیەکدا هەبن ئەوەندە ڤاوڵە بوونیان هەیە.

سێیەم/ ڤاوڵ کە ناوکی بڕگە پێکدەهێنێت لە گەورەترین بڕگەی کوردیدا (ccvcc)( بروسک ) لە جەمسەری سەرەتاو جەمسەری کۆتایی بڕگە پێکدێت، بەڵام بڕوانە ( گەیشت <cvccc ).

چوارەم/ سەرەتای بڕگە نابێت چۆڵ بێت، واتە نابێت بە ڤاوڵ دەست پێبکات، (بڕوانە (٩)).

پێنجەم/ ئەگەر دەنگێکی کۆنسۆنانت کەوتە نێوان دوو ڤاوڵەوە، ئەوا کۆنسۆنانتەکە لە گەڵ بڕگەی دووەمدا دەڕوات، بە واتای ئەوەی کە دەبێتە پارچەی جەمسەری سەرەتای بڕگەی دووەم بۆ ئەوەی مەرجی (٤) جێ بە جێ بێت، بۆ نموونە: (/ دار/ +ا > /دا/ ، / را/ )، و ئەگەر دوو کۆنسۆنانت کەوتنە نێوان دوو ڤاوڵەوە ئەوە کۆنسۆنانتی دووەمی جەمسەری کۆتایی بڕگەی یەکەم ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت و لەگەڵ بڕگەی دووەمدا دەڕوات، وەک بۆ نموونە:( دەشت + ان > / دەش / ،/ تان/ ).

لە ئاخاوتنی زمانی کوردیدا فۆنیمەکان لە ریزبوون و بە یەکەوە هاتنیان لە ناو قالبی بڕگەدا ڕەچاوی ئەو مەرجانە دەکەن، کە لای سەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا، بەڵام لە ئاخاوتنی ئاساییدا ئەو بڕگانە دەچنە پاڵ یەکتری و بڕگەکان تێکەڵ بە یەکتری دەبن جاری واش هەیە سنوری بڕگەکان قالبی بڕگەکان دەگۆڕن و سەر لە نوێ قالبی تر دروست دەبنەوە ، ( بروانە (١٠).

١٠- ( /کورد/ <CVCC +ی = /کور/ ./دی/ <CV+CVC ).

هەموو کەرەستەیەکی زمان کە بە ئاخاوتن دەخرێتە ڕوو گۆڕانی بەسەر دا دێت، بەڵام ئەوەی زیاتر و زووتر بەر ئەم گۆڕانکاریانە دەکەوێت ئاستی فۆنەتیک و فۆنۆلۆجییە بە بەراورد بە ئاستەکانی تر.

"ئاستی فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی زیاتر لە ئاستەکانی تر دەگۆڕێ و زۆرتریش هەستی پێدەکرێ، ڕێزمان هەروەک دەنگ بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێ، هەرچەندە ئەم گۆڕانە کەمتر هەستی پێدەکرێ و کەرەسەی ڕێزمانیش جێرترە و کەمتر خۆ بە دەست گۆڕانەوە دەدات، لە ئاستی سینتاکسدا گۆڕان کەمتر ڕوودەدات" ( محەمەد معروف فتاح،( ٢٠١١: ١١٩)).

(لە یەکدانی فۆنیمەکان ، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە ، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەوەیە ئەو فۆنیمەی دەچێتە پاڵی ئەبێت گونجاوبێت لەگەڵیدا، واتە هاوڕێیەتی فۆنیمێک دەکات کە لەگەڵ سروشتیدا گونجاوبێت ، بۆ نموونە: پێکەوە هاتنی ئەم سێ دەنگە (fst) لە زمانی فەڕەنسیدا بەرچاو ناکەوێت، بەڵام لە زمانی ڕووسیدا بەرچاو دەکەوێت( أدورد یوحنا، (١٩٧١:١٠). لە زمانی کوردیشدا ئەم سێ دەنگە لە ناو قاڵبی بڕگە و وشەدا بەرچاو ناکەوێت ( ڕڵ ن).

ئەم ڕیزبوونە لە زانستی زماندا بە پێڕەوو پێڕەوی دەنگی ناو دەبرێت، (بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ( محەمەد معروف فتاح،( ٢٠١١: ٨))

لێکدانی بڕگەکان لە ناو وشە ( سادە، داڕژاو، لێکدراو) و فرێز وڕستەدا گۆڕان بە سەر فۆنیمەکان دادەهێنێت، پێیان دەوترێت یاسا فۆنۆلۆژییەکان، کە بریتیین لە:

یەکەم/ یاسای لە ناوچوون یا کەوتنی دەنگ hapology

أ/ لابردنی دەنگێک لە دوو دەنگی لێکچووی دوابەدوای یەکدا (بڕوانە ١١ ، ١٢) :

١١/ چاک کردن > چاکردن

١٢/ بەرد دانان > بەردانان

ب/ لابردنی دەنگێک لە وشەیەکدا بە مەبەستی ئاسانی درکاندن( تالیب حوسێن عەلی ٢٠٠٥:٨٠) (بڕوانە( ١٤)).

١٣/ دا بنیشە > دانیشە

بەڵام ئەم یاسایە بەسەر هەموو وشەیەکدا وەکو خۆی جێ بەجێ نابێت، بەڵکو کۆت و بەندی واتایی و بەرهەمهێنانی وشەی قەدەغەکراو(تابۆ)[1] یا گۆڕینی واتا یا دروستبوونی هاوبێژی لەگەڵ وشەیەکی تر دەبێتە ڕێگر لە بەردەم ئەم ئاسانی دەربرین و ئابوری کردنە، (بروانە ( ١٥، ١٦)).

(١٥

ا/ کێرد > * کێر. ( قەدەغەکراو)

ب/ گوند > * گون. ( قەدەغەکراو)

پ/ بەرد> ( هاوبێژی )

[1]) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (شاخەوان جەلال فەرەج، (٢٠١٣)).

(١٦

أ-  بەر( بەری دار)

ب- بەر( پێش)

واتای تر....*

تەنانەت وشە وەرگیراوەکانی زمانێکی بێگانەش ڕەچاوی ئەم کۆت و بەندە دەکەن (بروانە (١٧)).

(١٧

گوود > * گوو          good

ڤیری گوود > * ڤیری گوو          very good

ت/ کەوتن یا کلۆر بوونی فەرهەنگی بە پێی دیالێکت:

١٨/ مەهاباد > مەهابات

١٩/ بونیاد > بونیات

٢٠/ شازدە > شانزە    ( ئاخاوتنی سلێمانی)

٢١/ مندالْ > منالْ      ( ئاخاوتنی سلێمانی)

"بە شێوەیەکی گشتی دەنگە گیراو و خشۆک و ئەفریکاتە دەنگدارەکان لە جێکەوتەی کۆتایی وشەدا دەنگداریان لە دەست دەدەن" (محەمەدی مەحویی ٢٠٠٨: ١٥٩) (بروانە (٢٢)).

٢٢/(گورگ > گورک، مروڤ>مرۆف ، ساج > ساچ )

بە مەرجێک وشەی تریان بەدوادا نەیەت(بڕوانە (٢٣)).

٢٣/ پرد > پر (کرمانجی سەروو)

( نموونەی (٢٣) لە کرمانجی خواروودا ) ڕێگە پێ نەدراوە.

د/ کەوتن و کلۆر بوون لە ژینگەی دەنگیدا (بڕوانە (٢٤)).

٢٤/ بردتان > برتتان

٢٥/ کرد تان > کرتتان

دووەم / یاسای پەیدابوونی ( ناوبڕ)

بڕوانە (٨).

سێیەم /یاسای دەنگە گۆڕکێ

٢٦/بادەم > بایەم

٢٧/ لەگەڵم وەرە > دەگەڵم وەرە.      ( شێوە زاری پشتدەر)

هەندێ جار کەوتنی /د/ وا لە کۆنسۆنانتەکەی دوای خۆی دەکات،کە لەت ببێ بەسەر دووبرگەدا( کۆتایی برگەی یەکەم و سەرەتای بڕگەی دووەم) ئەمەیش بۆ جێ بەجێ کردنی مەرجی (چوارەم ) لە مەرجەکانی بڕگە.

٢٨/ تۆپەکەم هەڵدا ئاوەکەوە > تۆپەکەم هەڵلا ئاوەکەوە  ( / هەڵ/. /دا/ > / هەڵ/ . /لا/ )

٢٩/ هەڵمدا ئاوەکەوە > هەڵمـ ما ئاوەکەوەکەوە.

چوارەم/ یاسا ڕێزمانییەکان

هەندێک جار کەوتنی دەنگەکان لە دەرەوەی دەسەلاتی قسەکەر دەبێت ، واتە یاسای ڕێزمانی زمانەکە ڕۆڵ دەبینێت .

٣٠/ دەڕۆم > ناڕۆم

٣١/ دەلێم > نالێم
کەوتنی مۆرفێمی کاتی ( ڕانەبردوو )
بەراوردی بکە لەگەڵ ئەم نموونانەی زمانی فارسی و عەرەبیدا.
می روم> نمی روم . ( زمانی فارسی)
أذهب > لا أذهب . ( زمانی عەرەبی)

## ئەنجامەکان

لە کۆتایدا ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوەدەخەینە ڕوو:

١ – دیاردەی کەوتن و کلۆر کردنی فۆنیمە گیراوەکانی زمانی کوردی بە گشتی و فۆنیمی /د/ هەندێ جار بە خواستی قسەکەر دەبێت و مەبەستەکەش ئابوری کردنە لەو وزەیەی کە بەکاری دەهێنێ.

٢ – یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی لە هەندێ حاڵەتدا دەبنە هۆکار لە کەوتنی ئەم فۆنیمە و کەوتنەکە لە دەرەوەی دەسەڵاتی قسەکەردایە.

٤ – جێکەوتەی ئەم فۆنیمە بە تایبەتیش لە جێکەوتەی کۆتایی وشەدا هۆکارێکی ترە لە کەوتن یا کاڵبوونەوەی دەنگداری فۆنیمەکە بە مەرجێک بڕگەی تری بەدوادا نەیەت.

٥ – کاریگەری دەنگەکانی دەوروبەر هەمدیسان هۆکارە لەسەر گۆڕینی ئەم فۆنیمە.

٦ – کەوتن وکلۆرکردنی فۆنیمەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازن زۆر جاریش ئەم جیاوازییە لە نێوان شێوە زارەکانی زمانێک بەدیدەکرێت.

## سەرچاوەکان

یەکەم / سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

١/ ئەو ڕەحمانی حاجی مارف ، زمانی کوردی لە بەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد–بەغدا،١٩٧٦.

٢/ ..................، نوسینی کوردی بە ئەلف و بێی عارەبی،چاپخانەی علاء، بەغدا،........ ١٩٧٦.

٣/ ..................، سەرەتایەکی زمانناسی، وەرگێڕاو لە ڕوسی یەوە، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٨.

٤/ توفیق وەهبی، ئەسڵی پیتە قالبی ((ئە)) ی شێوەی سلێمانی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٣.

٥/ دولبەر ئیبراهیم فەرەج شالی ، یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.

٦/ دەروون عبدالرحمن سالح، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا،لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٢.

٧/ تالیب حوسێن عەلی، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی ( ئینگلیزی. کوردی. عەرەبی)، زنجیرە بلاوکراوەکانی گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، هەولێر، ٢٠٠٥.

٨/ رەحمان اسماعیل حەسەن، جێگۆرکێی دەنگەکان و چەند یاسایەکی فۆنۆلۆجی لە کوردیدا، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٥.

٩/ شاخەوان جەلال فەرەج، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتوور، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٣.

١٠/ شێرکۆ بابان، دەنگسازی زمانی کوردی بە تیۆری زەبری بزوێن، دەزگای گۆڤار بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٤.

١١/ شێرکۆ بابان ، بنچینەی دەنگسازی لە ڕێزمانی کوردیدا، دەزگای گۆڤار بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٥.

١٢/ غازی فاتح وەیس، فۆنەتیک، چاپخانەی ئەدیب، چاپی یەکەم، بەغدا،١٩٨٤.

١٣/ محممد معروف فتاح، زمانەوانی، بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی هەولێر، چاپی دووەم، ٢٠١١.

١٤/ محمد معروف فتاح – سەباح رەشید، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، دەزگای رووناکبیری، سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٥/ محەمەد مەحوی، چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژیی ڕێزمانی کوردی و ڕێزمانی عارەبی، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٠.

١٦/ محەمەدی مەحویی، فۆنەتیک وفۆنۆلۆژیی، فۆنۆلۆژیی ، زانکۆی سلێمانی ، ٢٠٠٨.

١٧/ عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، چەند باسێکی وردی زمانەوانی کوردی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٥.

١٨/ نسرین محمد فخری، کلۆرکردن و قوتدان و جێگۆرکێ و هەڵگێرانەوەی دەنگی (د) هۆ و کارو دەوری لە زمان و شێواندنی ڕێزمانەکەماند، گۆڤاری رۆشەنبیری، ژمارە ١٤٥، ٢٠٠٠.

١٩/ وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٢٠/ نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی،١٩٦٠.

٢١/ هەژار قادر اسماعیل، ڕۆنانی برگە و گۆرانیسنووری برگە لە شێوەزاری باڵەکیدا، بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر،٢٠١٣.

دووەم/ سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

٢٢/ أحمد مختار عمر، دراسة الصوت اللغوی، جامعة القاهرة، ٢٠٠٤.

٢٣/ ابراهیم انیس، الاصوات اللغویة، مکتبة انجلو المصریة، ١٩٩٩.

٢٤/ توفیق وهبي، قواعد اللغة الکردیة، ج ١، بغداد، ١٩٥٦.

سێیەم/ سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی :

٢٥- Amin, w, o,(١٩٧٦) ‘’ some fundamental rules of Kurdish syntct structur’’ London .

٢٦- Amin, w,o,(١٩٧٩) "Asprct of the verbal construction in Kurdish ‘’ m, phil the sis- university of London.

## الملخص

هذه الدراسة الموسومة ب (قوانين السقوط والتجويف لفونيم (د) في اللغة الكردية)،تقدم شرحا وتلقي الضوء على قوانين سقوط والتجويف الفونيمي لفونيم (د) في اللغة الكردية، واستخدام الباحثين المنهج الوصفي التحليلي لبيان التغيرات الصوتية التيي تتولد عن تلك القوانين. وتتكون الدراسة ماعدا الخاتمة والنتائج من الفصلين هما:

الفصل الاول: القي الضوء في هذا المبحث على الدراسة التى اجريت حول فونيم (د)، وتم ايراد اراء الباحثين حولها عند الضرورة.

الفصل الثانى: خصص هذا الفصل للقوانين الفونولوجية في اللغة الكردية والتغيرات و الظواهر الصوتية التيي تجري على فونيمات اللغة الكردية من نطق و تعبير فى قالب المقطع والكلمة بصورة عامة وعلى فونيم (د) على وجه الخصوص، وقد تم توضيح العمليات المورفولوجية التي تحدث فيها العمليات الفونولوجية، لان العمليات الفونولوجية تحدث ضمن العمليات المورفولوجية.



## Abstract

this paper, entited (**Assimilation with /d/ phoneme in kurdish language**),deals with the rules and analysis of assimilation with /d/ phoneme in Kurdish language using the descriptive analytical approach to highlight the phonemic alterations .

The paper is divided in to main section apart from the introduction:

**Section one** elaborates those studies that have been conducted on that phoneme by referring to researchers' major opinions.

**Section Two** is devoted to the phonological rules of kurdish language, and all the changes and phonemic manifestations that have occurred to the pronunciation and articulation Kurdish phonemes in general and /d/ phonemes in particular, and their positions in syllables and word. The Section also explains all the morpho-phonological processes.